# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:
پ.د. کاروان عومەر قادر
بەڕێوەبەری نووسین:
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
- پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر کەریم
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژکاران:-
- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. سالّح ئاکین
- پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەدزادە

هەولێر - شەقامی هەڵەبجە
ISSN: 2520-4106
http;//gov.krd/ka

# مارف عومەر گوڵ، ژیان و هەندێک لە ناوەرۆکی شیعرەکانی

## (ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە ماستەرنامەکەم)

**پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف**

بەشی کوردی/کۆلێژی زمان/زانکۆی کۆیە - کۆیە، هەرێمی کوردستان کوردستان، عێراق

abulwahid.idrees@koyauninersity.org

**ئەمین قادر ساڵح**

ر بەشی کوردی/کۆلێژی زمان/زانکۆی کۆیە - کۆیە، هەرێمی کوردستان کوردستان، عێراق

aminkoya.qadr@gmail.com

**پوختە:**

توێژینەوەکەمان کە بە ناونیشانی "مارف عومەر گوڵ، ژیان و هەندێک ناوەرۆکی شیعرەکانی"یە، بەشێکە لە ماستەرنامەکەم. شاعیر مارف عومەر یەکێکە لەو شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و شۆڕشگێڕانەی نەتەوەی کورد، بە پەیامی ناوەرۆکی شیعرەکانی هەوڵی داوە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا گەشە پێ بدات، لە لایەکی دیکەوە بابەتە کۆمەڵایەتی و بۆنەکان و وەسفی کردووە بە ئامرازێک بۆ دەربڕینی ناخی خۆی، لە پاڵ ئەمەشدا چەندین بابەتی تەنز و شیعری نەتەوەیی هۆنیوەتەوە. ئەم بابەتە لە نێو توێژینەوەی کوردیدا کەمترین توێژینەوەی لە سەر ئەم شاعیرە ئەنجام دراوە، لە لایەکی دیکەشەوە کار و خەباتی ئەم شاعیرە هێندە گەورەیە پێویست دەکات چەندین نامە و کتێبی لە بارەوە بنووسرێت. لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمانە تیشک بخەینە سەر ژیانی شاعیر و کایە نەزانراوەکانی ژیانی کۆ بکەینەوە و لەگەڵ ناوەرۆکە شیعرییەکانیدا بیانخەینە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفیی شیکاریمان پێڕەو کردووە. ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێك هاتووە. بەشی یەکەم: ژیانی شاعیر، بەشی دووەم: پراکتیزەی ناوەرۆکی شیعرەکانی شاعیر.

کلیلەوشەکان: مارف عومەر گوڵ، نیشتمانی، دڵداری، وەسف، نامۆیی

**پێشەکی**

مـارف عومـەر گـوڵ یەکێکـە لـە نووسـەر و ئەکادیمیسـت و شـاعیرانی نوێخـوازی نەتـەوەی کـورد، لـە ناوەڕۆکـی شـیعرەکانیدا گرنگییەکـی زۆری داوە بـەو ڕووداوانـەی کـە ڕاسـتەوخۆ پەیوەندییـان بـە کۆمەڵگـە و تاکەکانـی کۆمەڵگـەوە هەبـووە، بۆیـە زۆربـەی شـیعرەکانی لـە ژێـر کاریگەریـی ڕووداوەکانـی سـەردەمەکەی خۆیـدا بـووە. بـە شـێوەیەکی گشـتی بـە هـۆی ئـەوەی کـە زیاتـر ژیانـی لـە غوربـەت و ئاوارەیـی و زینداندا بەسـەر بـردووە، بەشـێکی زۆری شـیعرەکانی لـە دەوری ئـەم مەبەسـتانە دەسـووڕێنەوە. نامۆیـی باڵـی بەسـەر شـیعرەکانیدا کێشـاوە، بـە هـۆی غوربەتـەوە شـاعیر دووچـاری نامۆیـی نیشـتمانی بـووە. بـە هـۆی ڕەفتـارە کۆمەڵایەتییەکانـەوە تووشـی نامۆیـی خـودی بـووە و لـە شـیعرەکانیدا زۆر بـە ڕوونـی هەسـتی پـێ دەکەیـن. شـاعیر وەک هـەر تاکێکـی دیکـەی کۆمەڵگـە خۆشەویسـتی و دڵداریـی کـردووە، بۆیـە لـە شـیعرەکانیدا ڕەنگـی داوەتـەوە. ئـەوەی شـاعیر لـە شـاعیرانی دیکـە جیـا دەکاتـەوە ئەوەیـە کـە خۆشەویسـتی و دڵدارییەکـەی وابەسـتەی نیشـتمان و نەتەوەکـەی کـردووە. شـاعیر لـە وەسـفدا دەسـتێکی بـاڵای هەبـووە و لـە سـەرجەم بابەتەکانـدا بـە شـێوەیەکی تۆکمـە و بابەتیانـە و شـارەزاییانە وەسـفی بابـەت و ڕووداوەکانـی کـردووە، ئەمـەش بـۆ ئـەو ئەزموونـەی دەگەڕێتـەوە کـە لـە زۆربـەی بوارەکانـی ژیانـدا بەشـداریی کـردووە، ئـەم بـارەش لـە ژیاننامـە و شـیعرەکانیدا ڕەنگـی داوەتـەوە.

**بەشـی یەکـەم: ژیاننامـەی شـاعیر، کاریگەریـی شـاعیران بەسـەر "مـارف عومـەر"ەوە**

**١-١. ژیاننامەی شاعیر**

مـارف عومـەر گـوڵ؛ مامۆسـتا و نووسـەر، لێکۆڵـەر و ڕۆژنامەنـووس، مافنـاس و شـاعیر، هەروەکـوو خـۆی لـە کۆتایـی دیوانەکەیـدا ئامـاژەی پـێ داوە. "لـە ١٩٥٦/٧/١ لـە گونـدی هەشـەزێنی سـەر بـە ناحیـەی سـەنگاو، لـە شـارۆچکەی چەمچەمـاڵ، لـە شـاری کەرکـووک لەدایـک بـووە" (گـوڵ، ٢٠٢١: پاشـکۆی دیوانەکـەی). دواتـر "ماڵیـان دەچێتـە کەرکـووک و لـەوێ دەخرێتـە بـەر خوێنـدن و قۆناغەکانـی خوێنـدن بـە سـەرکووتوویی تـەواو دەکات. لـە پاشـان بـە مەبەسـتی خوێنـدن ڕوو دەکاتـە بەغـداد، لـە کۆلێـژی یاسـای زانکـۆی بەغـدا وەردەگیرێـت" (www.gulanmedia.com/so/story، 2022 :1).

ئـەم نووسـەرە بـە هـۆی نەخۆشـیی کۆرۆنـاوە "لـە تەمەنـی ٦٥ سـاڵیدا و لـە ٢٠٢٢/١/١٥ کۆچـی دوایـی کـرد" (www.gulanmedia.com/so/story، 2022 :1).

مـارف عومـەر گـوڵ لـە تەمەنێکـی زۆر کەمـدا بـوو، بـە شـێوەیەک کـە "ساوا بـوو و گڕوگاڵـی دەکـرد دایکـی ماڵئاوایـی لـە ژیـان کـرد. بێدایکـی سـەری پـێ هەڵگـرت. تاقـە سـۆزێک بـۆ پڕکردنـەوەی خۆشەویسـتیی دایکـی، نیشـتمانەکەی بـوو. دەیویسـت ببـێ بـە گۆرانیبێـژ، کـۆت و پێوەنـدی کۆمەڵایەتـی ڕێگـر بـوو. ماوەیـەک سـەرقاڵی شـانۆ بـوو، لەوێـوە گواسـتیەوە بـۆ ڕۆژنامەنووسـی. شـیعر بـوو بـە تاکـە چەکـی بوونـی هەڵوێسـت و نـاخ و حەسرەتەکانـی، شـیعر دەیهێنـا و دەیـبرد" (مەحمـود، ٢٠٠٠: ٥). شـاعیر لـە سـاڵی "١٩٨٢ لـە سـەر هەڵوێسـتی سیاسـی ماوەیـەک لـە زیندانەکانـی 'ئەمنـی عامـەی بەغـداد' زیندانـی بـووە و ئـازار و ئەشـکەنجەیەکی زۆر دراوە و هۆنراوەکانـی 'خـۆری زینـدان'ی هـەر لـە زیندانـدا نووسـیوە، پـاش ئازادبوونـی چاپیـان دەکات. لـە سـاڵانی هەشـتاکاندا چەنـد سـاڵێک دەچێتـە شـاخ و دەبێتـە پێشـمەرگە" (https://kirkuktv.net، 1 :2022).

**ئاستی خوێندن:**

١. خوێندنـی سـەرەتایی و ئامادەیـی لـە شـاری کەرکـووک تـەواو کـردووە.

٢. بەکالۆریۆس، زانکۆی بەغداد، کۆلێژی یاسا (١٩٨٢)

٣. ماسـتەر، زانکـۆی کیـڤ، ئۆکرانیـا (١٩٩٠). ناونیشـانی ماسـتەرەکەی بریتـی بـووە لـە ئامـرازە یاسـاییەکان، بەربەنکردنـی تاوانـی جینۆسـاید لـە یاسـای گشـتیی نێودەوڵەتیـدا.

٤. دکتـۆرا، زانکـۆی کیـڤ، ئۆکرانیـا (١٩٩٥)، ناونیشـان نامـەی دکتۆراکـەی بریتـی بـوو لـە کێشـەی کەسـایەتیی یاسـایی نێونەتەوەیـی گەلـی کـورد لـە یاسـای نێودەوڵەتیـدا.

٥. پلـەی زانسـتیی "پرۆفیسـۆر"ی لـە زانکـۆی سـلێمانی

وەرگرتــووە (گــوڵ، ٢٠٢١: پاشــکۆی دیــوان)

**کار و چالاکیی میری:**

١. فەرمانگەی ئاودێریی سلێمانی (١٩٨٣)

٢. زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی یاسا (١٩٩٩/٦/٢٨)

٣. (٢٢) ساڵ خزمەتی فەرمیی هەبووە.

٤. یاریــدەدەری ڕاگــری کۆلێــژی یاســا و ڕامیــاری بــووە لــە زانکــۆی ســلێمانی (گــوڵ، ٢٠٢١: پاشــکۆ).

**ئاستی زمان:**

١. کوردی (زمانی دایک)

٢. عەرەبی، ڕووسی، فارسی

٣. ئینگلیزی (باش) (گوڵ: ٢٠٢١: پاشکۆ)

**کتێب و لێکۆڵینەوە چاپکراوەکانی:**

١. جینۆســایدی گەلــی کــورد لــە بــەر ڕۆشــنایی یاســای نێودەوڵەتانــدا

٢. کێشەی کەسایەتیی سیاسیی نێونەتەوەیی گەلی کورد

٣. پێوەندیی مەسەلەی کورد بە یاسای نێودەوڵەتانەوە

٤. بارودۆخی کورد لە چەند بابەتێکی یاسای نێودەوڵەتاندا

٥. پێکهاتنــی یاســای نێودەوڵەتــی و پەیوەندیــی بــە یاســای ناوخــۆی دەوڵەتــەوە (لێکۆڵینــەوە بــە زمانــی کــوردی، گۆڤــاری زانکــۆی ســلێمانی، ژمــارە (٢٠٠١/٥)

٦. تیــۆری ئاسایشــی هاوبــەش و ڕێکخســتنی نێودەوڵەتــی (لێکۆڵینــەوە بــە زمانــی عەرەبــی)، گۆڤــاری زانکــۆی سـلێمانی، ژمــارە (٢٠٠٣/١١) (گــوڵ: ٢٠٢١: پاشــکۆی دیوانەکــەی)

**کار و چالاکیی ڕۆژنامەوانی:**

١. دامەزرێنەری ئەم گۆڤارانە بووە:

ئـ. بڵاوکـراوەی "نێرگـز" لـە کەرکـووک، کـە لـە سـاڵی ١٩٨٥دا دوو ژمـارەی لـێ دەرکـرا.

ب. گۆڤـاری "قەندیـل"، سـاڵی ١٩٨٧، لـە نـاو شۆڕشـدا چـوار ژمـارەی لـێ دەرچـوو، لـە چاپخانـەی شـەهید سـەیدا سـاڵح یوسـفی چـاپ کـراوە.

ج. گۆڤـاری "دراسـات قانونیـة و سیاسـیة" بـە زمانـی عەرەبـی لـە کۆلێـژی یاسـا و ڕامیاری/زانکـۆی سـلێمانی، لـە سـاڵی ٢٠١٣ (گـوڵ: ٢٠٢١: پاشـکۆ)

٢. بابەتی ڕۆژنامەوانی:

هەروەکــوو شــاعیر خــۆی ئامــاژی بــۆ کــردووە لــە پاشــکۆی دیوانەکەیــدا، لــە مــاوەی ژیانیــدا لــەم ڕۆژنامانــە گوتــار و ڕیپۆرتــاژی بــڵاو کردووەتــەوە:

ئـ. لــە ســەرەتای حەفتاکانــدا لــە چەنــد شــانۆگەرییەکدا بەشــداریی کــردووە.

ب. لــە ســەرەتای حەفتاکانــدا لــە ڕۆژنامــەی "برایەتــی" و "هــاوکاری" کۆمەڵێــک ڕیپۆرتــاژ و بابەتــی ڕۆژنامەوانیــی بــڵاو کردووەتــەوە.

ج. لــە کۆتایــی حەفتــاکان و ســەرەتای هەشــتاکاندا بەرنامــەی "یەکێتیــی نووســەرانی کــورد"ی لــە ئیزگــەی کوردیــی بەغــدا ئامــادە و پێشــکەش کــردووە (گــوڵ: ٢٠٢١: پاشــکۆ).

**بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیر:**

١. هێلانەی نوغرۆ (١٩٨٥)

٢. خــۆری زینــدان (لــە نــاو شۆڕشــدا دوو جــار چــاپ کــراوە (١٩٨٥ و ١٩٨٨).)

٣. شاییەکی نهێنی (٢٠١٥)

٤. نیشــتمانم دارســتانی دەم ڕووبــار بــوو (٢٠١٦) (گــوڵ: ٢٠٢١: پێشــەکی)

**٢-١. ڕەنگدانەوەی شیعری شاعیرانی کورد لە شیعرەکانی گوڵدا**

بێگومــان بەشــێک لــە شــاعیران دەکەونــە ژێــر کاریگەریــی شــاعیرانی پێــش خۆیــان، یــان هاوســەردەمی خۆیانــەوە، جــا ئــەو کاریگەرییــە بــە شــێوەیەکی بەرفــراوان یاخــود کــەم، ئەمــەش هــۆکاری تایبەتــی هەبــووە لــەوەی کــە شــاعیر دەیەوێـت وەکـوو شـاعیرانی پێشـوو دەقەکانـی بەهێـز بـکات، یاخــود جــوان و ڕازاوە بــکات، ئــەو بیــرەی شــاعیر بیرێکــی تایبەتمەنـدە بـەو بـارەی کـە شـاعیری کارتێکـراو وەریدەگرێـت، ئەمــە کارێکــی ئاســاییە لــە نێــو دەقــی شــیعریدا بــە شــێوەی وەرگرتــن و دەقئاوێــزان کــە ئەویــش "فاکتەرێکــی گرنگــە بــۆ کاراکــردن و پێشــکەوتنی ئــەدەب و هەرگیــز مانــای ئــەوە ناگەیەنێــت کــە دەقــی ئەدەبــی کۆپیکردنــی دەقەکانــی

پێش و هاوکاتی خۆیەتی و هیچ داهێنانێکی تێدا نەبێت" (ئەڵوەنی، ٢٠١٢: ٣٩). بەڵام نابێت بە شێوەیەکی کوتومت بێت، باشتر وایە ئەو بیرەی کە وەریدەگرێت بە شێوەیەک لە شێوەکان بەخۆی ئاماژەی پێ بکات. ئەم شێوازە بە دەقئاوێزانی تێکهەڵکێش وەردەگیرێت و زیاتر "هەموو ئەو کەرەستە و واتایانەی نێو خودی دەق دەگرێتەوە کە لە سەرچاوە دەرەکییەکانی وەک ئایین و ئەدەبی و ئایدۆلۆژی و ئەفسانەیی و میللی و مێژوویی و... هتد؛ وەرگیراون" (عزیز، ٢٠١٩: ١١٥). شاعیر مارف عومەر بە شێوەی دەقئاوێزان یاخود دووبارەبوونەوەی بیر لە شیعرەکانیدا دەبینرێت، هەروەکوو خۆی لە بەشێک لە شیعرەکانیدا ئاماژەی پێ کردووە کە کامە شیعرەی لە ژێر کاریگەریی شاعیرانی دیکەدا بنیات ناوە.

هەر چەندە شاعیر خۆی لە دیوانەکەیدا ئاماژەی بە چەند شاعیرێک کردووە کە کاریگەییان لە سەری هەبووە و لە نێو دەقەکانیدا دێڕێک یان پارچەشیعرێکی دەقئاوێزانی تێکستەکەی خۆی کردووە، بەڵام چەندین بیر و وێنەی شاعیرانی دیکەش بەدی دەکرێت کە لە دیوانەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە لێرەدا بە پێی سنووری توێژینەوەکەمان هەوڵ دەدەین بەڵگەی پێویست بخەینە ڕوو، جا چ شاعیرانی کلاسیکی کوردی بن، یاخود شاعیرانی نوێ و هاوسەردەم و ڕۆژگاری شاعیر بن، یاخود شاعیران و نووسەرانی بیانی.

**١. کاریگەریی مەحوی لە سەر شیعرەکانی مارف گوڵ**

مەحوی (١٨٣٠-١٩٠٦) (مەلا، ٢٠١٣: ٦-٧) یەکێکە لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی، ناوەرۆکی شیعرەکانی دەچنە خانەی شیعری ئایینی و سۆفیگەرییەوە. بە هۆی کاریگەری و قووڵی و جوانیی واتای شیعرەکانیەوە بووە بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ شاعیرانی هاوسەردەم و پاش خۆی، بۆیە ئاساییە کە کاریگەری و تارمایی شیعرەکانی لە نێو دەقێکی شیعریی مارف عومەردا بەدی بکرێت. شاعیر هاتووە لە نێو دەقە شیعرییەکانی خۆیدا بیری شیعریی مەحویی بەکار هێناوە بەبێ ئەوەی ئاماژەی بەوە کردبێت کە ئەم بیرەی لە کێ وەرگرتووە، هەروەکوو لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت. مەحوی دەڵێت:

ئەجەل دەورم دەدا حازر بە وادەی دەور و تەسلیمە
منی غەفڵەتزەدە هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم

(مەحوی، ١٣٩٢:٤٩٦ )

لە ژێر تارمایی ئەم بیرەشیعرییەی مەحویدا، مارفی شاعیر دەقێکی شیعریی جوانی بنیات ناوە. بە وردبوونەوە لە دەقەکە، ئەوە ئاشکرا دەبێت کە شاعیر سەرەڕای وەرگرتنی بیرەکە داهێنانی لە شیعرەکەدا کردووە و وێنەیەکی جوانی بنیات ناوە، هەروەکوو دەڵێت:

منی "غەفڵەتزەدە" ڕووم کردە لای قیبلەی مەینەتباران
خوایە تۆ خۆت ئەم ڕوخسارە پەژموردەیەم ئاوپرژێن کە
ڕێژنە بێ، یا نمەی باران

(گوڵ،٢٠٢١: ٥٠٩)

بە وردبوونەوە لە هەردوو دەقەکە، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە شاعیر سوودی لە مەحوی وەرگرتووە. وەکوو دەبینین هەمان دەستەواژەی "غەفڵەتزەدە"ی دووبارە کردووەتەوە، لە ڕووی بیریشەوە بۆ هەمان مەبەست دەربڕدراوە. ئەگەر دێڕێکی دیکە وەربگرین، ئەوا دەبینین زاراوە و بیری دیکەی وەرگرتووە. لە ڕووی سروشتیشەوە هەردوو شاعیر لە تەمەنی پیری و لاوازیدا دەردەکەون، مەحوی لە تەمەنی پیری و بەرەو مەرگ چووندایە و مارفیش وەک گوڵێک لە سیسبوون و ژاکاندایە. وەکوو دەردەکەوێت وێنەکان زۆر نزیکن لە یەکترەوە، بەڵام لە ڕووی بنیاتەوە جیاوازن. دواتر مەحوی دەڵێت:

لە ناکەس کارییا، خاکم بە سەر، ڕۆیی بە با عومرم
خودا تۆ بمژێنە تا لە بەر قاپی کەسێ دەمرم (مەحوی، ١٣٩٢: ٢٩٥)

هەروەکوو دەبینین مەحوی داوا لە خودا دەکات تاوەکوو بیژیەنێت، بە هەمان شێوە ئەم بیرە لە دەقەکەی سەرەوەدا دووبارە بووەتەوە و مارف عومەریش داوا لە خودا دەکات کە ڕوخسارە پەژموردەکەی بژیەنێتەوە، بۆیە نزیکییەکی زۆر تا ڕادەی لاساییکردنەوەیەکی تەواوەتی لە دەقەکەی مارفدا بەدی دەکرێت. مەحوی دەڵێت:

لە پێ کەوتووم و نەفسم بۆ هەوا دەشنێت وەکوو منداڵ
لە بەر پیری سەرم خۆی ناگرێت و تازە پێ دەگرم

(مەحوی، ١٣٩٢: ٢٩٦)

لــە ژێــر تارمایــی بیــری ئــەم دێــڕە شــیعرەی مەحویــدا، مــارف بیرێکــی نــوێ کــە بیــری ســەردەمی منداڵیــی خۆیەتــی، دادەڕێژێتــەوە و بــۆ هەمــان مەبەســت دووبــارەی دەکاتــەوە و دەڵێــت:

چۆن هەتا گەورەتر دەبم،

بیری دایک و بیری باوک و بیری تۆ دەکەم

(گوڵ، ٢٠٢١: ٥٠٨)

دیــارە هــەردوو شــاعیر لــە تەمەنێکــی گــەورەدان، کەچــی هــەردوو شــاعیر بیــری ســەردەمی منداڵــی دەکەنــەوە، مەحــوی وەک تازەپێگەیشــتوویەک نەفســی بــۆ حــەز و ئــارەزوو دەشــنێ، مارفــی شــاعیریش وەکــوو منــداڵ بیــری دایــک و بــاوک و یارەکــەی دەکات. لێــرەدا کــە بیــری یارەکــەی دەکات؛ وەکــوو لاوێــک دەردەکەوێــت و زیاتــر نزیــک دەبێتــەوە لــە بیــری شــیعرەکەی مەحــوی، بــەڵام ئــەوەی لێــرەدا دەبینرێــت ئەوەیــە مــارف هەوڵــی داوە بیــری شــیعرەکانی مەحــوی بــە شــێوەیەکی نــوێ دابڕێژێتــەوە و وێنەیەکــی نوێــی لــێ بنیــات بنێــت.

**٢. کاریگەریی مەولەوی لە سەر شیعرەکانی مارف گوڵ**

مەولــەوی (١٨٠٦-١٨٨٢) (محەمــەد، ٢٠١٨: ١١) یەکێکــە لــە شاعیرە سـۆفیگەری و ئایینییەکانی نەتـەوەی کوردی، چەندیـن شـیعری جوانــی لــە بــارەی سروشــت و جوانــی و ئایینــەوە هۆنیوەتــەوە. شــیعرەکانی ســەرچاوەیەکی دەوڵەمەنــدن بــۆ شــاعیرانی پــاش خــۆی، بــە تایبــەت شــیعرە لیریکییەکانــی، بۆیــە مارفــی شــاعیر لــە نێــو دیوانەکــەی خۆیــدا لــە چەنــد شــوێنێکدا باســی لــە مەولــەوی کــردووە و کاریگەربوونــی خــۆی بــە مەولــەوی بــاس کــردووە. ئاســاییە تارمایــی بیــری شــیعرەکانی مەولــەوی لــە نێــو دەقــە شــیعرییەکانی مارفــدا بــەدی بکرێــت بــە هــۆی ئــەم کاریگەریبوونــەی. مەولــەوی لــە شــیعرێکدا دەڵێــت:

مەزرەعــەی شــادیم دای وە فەنــادا

پووشــەکەی جەســتەم وە ســۆزەی بــا دا

(مەولەوی، ١٣٨٦: ٣٤٦)

لــە ژێــر ڕۆشــنایی ئــەم شــیعرەی مەولەویــدا، مارفــی شــاعیر دەقێکــی جــوان و ڕازاوە بنیــات دەنێــت هەروەکــوو لــە شــیعری "تــا ڕۆح دەگاتــە مەنــزەڵ"دا دەڵێــت:

دڵ و دەروون ئاسوودەیە

لە بەر تریفەی مانگەشەوێکدا

"سەوزەگیای شادی" دەدا وە بادا

هۆرەی دڵدانەوەی خۆم دەکەم

تا ڕوح دەگاتە مەنزڵ

(گوڵ، ٢٠٢١: ٥٨٩)

بــە وردبوونــەوە لــە هــەردوو دێــڕە شــیعرەکە، ئەوەمــان بــۆ ڕوون دەبێتــەوە کــە شــاعیر کاریگەریــی بیــری شــیعرەکەی مەولەویــی بەســەرەوەیە، هەروەکــوو دەبینیــن ســەوزەگیای شــادیی لــە بریــی "مەزرەعــەی شــادی" بــەکار هێنــاوە، لــە لایەکــی دیکەشــەوە "دەدا وە بــادا" نزیکــە لــە "وە ســۆزەی بــادا"، وەک دەبینیــن هــەم زاراوە و هــەم بیــری لــە دەقــە شــیعرییەکەی مەولــەوی وەرگرتــووە، ئەمــەش بــە هــۆی کاریگەریــی بــووە بــە مەولــەوی. ئــەم دەقئاوێزانــە وەکــوو لاســاییکردنەوەیەک دەردەکەوێــت و هیــچ جــۆرە داهێنانێکــی تێــدا بــەدی ناکەیــن.

**٢-٣. کاریگەریی هێمن لە سەر شیعرەکانی مارف گوڵ**

مامۆســتا هێمــن موکریانــی یەکێکــە لــە شــاعیرە نەتەوەپەروەرەکانــی کــورد، بــە هــۆی ناســکی و جوانیــی شــیعرەکانیەوە؛ کاریگەریــی لــە ســەر شــاعیرانی ســەردەمی خــۆی و پــاش ژیانــی خــۆی هەبــووە، بۆیــە مــارف عومــەر گوڵیــش وەکــوو هــەر شــاعیرێکی دیکــە کاریگەریــی بیــری شــیعرەکانی مامۆســتا هێمنــی بەســەرەوە بــووە، هەروەکــوو مامۆســتا هێمــن لــە شــیعری "یــادم بکــەن"دا دەڵێــت:

لــەو دەمەیــدا پیاڵــە دەدرێــن لــە پیاڵــە

لــەو دەمەیــدا لێوتــان بــە بــادە ئاڵــە

لــەو دەمەیــدا کــۆڕی شــادی دەبەســتن

لــەو دەمەیــدا ســەرخۆش و مەســتی مەســتن

(موکریانی، ٢٠١٧: ١٨١)

مــارف عومــەر گــوڵ لــە ژێــر تیشــکی ئــەم شــیعرەی مامۆســتا هێمنــدا دەقێکــی شــیعریی بنیــات نــاوە، هەروەکــوو لــە شــیعری "باخــی دڵ"دا دەردەکەوێــت:

ئەو دەمەی چرای خۆشیمان
کە شەوان لێ هەڵئەکرا
ئەو دەمەی بادەنۆشیمان
کۆڕی شایی بۆ ڕێک ئەخرا

(گوڵ، ٢٠٢١: ٦١٥)

بـە وردبوونـەوە و بەراوردکردنـی هـەردوو دەقـە شـیعرییەکە، ئەوەمـان بـۆ ئاشـکرا دەبێـت کـە چەندیـن زاراوە و کـردار و بیـر لـە هـەردوو شـیعرەکەدا دووبـارە بوونەتـەوە: (ئـەو دەمـەی - لـەو دەمەیـدا)، (پیاڵـە دەدرێـن لـە پیاڵـە - بادەنۆشـیمان) و (کـۆڕی شـادی دەبەسـتن - کـۆڕی شـایی بـۆ ڕێـک ئەخـرا)، لـە هەمـان کاتـدا شـێوازی بنیاتـی دەقەکـەش هەمـان شـێوازی دەقەکـەی مامۆسـتا هێمنـە، مارفـی شـاعیر بەبـێ داهێنـان لـە شـیعرەکە بـەکاری هێنـاوە و دەخرێتـە خانـەی لاسـاییکردنەوەی کوتومتـەوە کـە ئەمـەش کاریگـەری و کارتێکردنـی تێدایـە، دیـارە شـاعیر مـارف عومـەر لـە ژێـر کاریگەریـی مامۆسـتا هێمنـدا بـووە.

### بەشی دووەم: هەندێک بابەت و ناوەرۆکی شیعرەکانی مارف عومەر گوڵ

#### ٢-١. شیعری نیشتمانی

نیشـتمان شـوێن و جێگـەی نیشـتەجێبوونی نەتەوەیەکـی دیاریکـراوە، بۆیـە تاکەکانـی هـەر نیشـتمانێک بـە خوێـن و گیـان پارێزگاریـی لـێ دەکـەن، شـاعیرانیش بـە هەڵبەسـتەکانیان وەسـف و ستایشـی دەکـەن و چەندیـن وێنـەی جـوان و ڕەنگینـی بـۆ بنیـات دەنێـن. کـە وایـە شـیعری نیشـتمانی بـە هـۆی خۆشەویسـتی و بەرگـری لـە نیشـتمانەوە پەیـدا بـووە و بـەوە پێناسـە کـراوە کـە "بەرهەمـی قۆناغێکـی تایبەتـی گۆڕانـی کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتییـە و لـە پێـش پەیدابوونـی ئـەو قۆناغـەدا نەبـووە" (ڕەسـووڵ، ١٩٨٩: ٧٨).

یەکێـک لـە مەبەسـتە هـەرە دیارەکانـی نێـو دەقـی ئەدەبـی کـوردی و بـە تایبەتییـش لای شـاعیرانی نوێخـواز؛ بابەتـی شـیعری سیاسـی و نیشـتمانییە، بـەڵام ئەمـە بـەو مانایـە نییـە کـە شـاعیرانی کـۆن یاخـود کلاسـیک گرنگییـان بـەم بابەتـە نەدابێـت، چونکـە هـەر لـە شـیعری ئەحمـەدی خانییـەوە تـا نالـی و مەحـوی و... هتـد؛ گرنگییـان بـە مەسـەلەی نیشـتمان و نەتـەوە داوە و کـەم تـا زۆرێـک لـە شـیعرەکانیاندا ڕەنگـی داوەتـەوە، هەروەهـا لـە قۆناغـی حاجـی قـادری کۆیـدا زیاتـر پـەرەی سـەندووە، بـە بەڵگـەی نێوەرۆکـی شـیعرەکانی، ڕێبـازی شـیعری نەتەوایەتـی و نیشـتمانی کـوردی (لـە سـەردەمی ئەحمـەدی خانییـەوە (١٦٥٠-١٧٠٦) سـەری هەڵـداوە و لـە سـەردەمی حاجـی قـادری کۆییـدا وەک قوتابخانەیەکـی شـیعری چەسـپاوە) (شـارەزا، جەبـاری، ١٩٧٤: ٢٩)، بـەڵام لـە گەرمـەی ڕووداوەکانـی سـەدەی بیسـتەمدا، ئاڕاسـتەی بیـری سیاسـی و نیشـتمانی گۆڕانکاریـی بنەڕەتیـی بەسـەردا هـات و ئاڕاسـتەیەکی دیکـەی بەخۆیـەوە بینـی. لێـرەدا مەبەسـتمانە ئـەوە بخەینـە ڕوو کـە شـاعیرانی نوێخـواز لـە سـەردەمێکدا ژیـاون لـە گەرمـەی ڕووداو و نەهامەتییەکانـدا بـوون و زیاتـر هەسـتیان بـە بەرپرسـیارێتی کـردووە لـە بەرامبـەر ڕووداوەکانـدا و تەنانـەت بەشـدارییەکی کارایـان هەبـووە. لـەم سـەردەمەدا چەندیـن ڕووداوی نەخـوازراو و جەرگبـڕ بەسـەر نیشـتمان و نەتەوەکەمانـدا هاتـووە، بۆیـە بـووە بـە سـەرەکیترین بابەتـی دەقـی شـیعریی ئـەو سـەردەمە. "ئـەو قۆناغـە بـە نیسـبەت میللەتـی کـوردەوە قۆناغێکـی پـڕ دەردیسـەری بـوو، میللەتـی کـورد هـەردەم لـە هەوڵـی بەدیهێنانـی کیانێکـی ئـازاد و سەربەخۆدا بـوو، خەونـی بـەو ڕۆژگارە گەشـەوە دەبینـی کـە تیشـکی سەربەسـتی هەڵبێـت و لـە ژێـر چەپـۆک و زەبـری کوشـندەی داگیرکـەران ڕزگاری ببێـت" (غریـب، ٢٠٠٨: ٤١).

شـیعری نیشـتمانی بـە شـێوەیەکی بەربـڵاو لـە نێـو دەقـە شـیعرییەکاندا بـەدی دەکرێـت، مـارف عومـەر لـەو شـاعیرانەیە کـە زۆر گرنگیـی بـە مەسـەلەی نیشـتمان و نەتەوەکـەی داوە، وەکـوو خەباتگێڕێـک هەمیشـە نـاوی نیشـتمانەکەی لـە نێـو تێکستەکانیدا جێگـە کردووەتـەوە، چ لـە تاراوگـە بووبێـت، یـان لـە خاکـی خۆیـدا، بـە بەردەوامـی لـە خەمـی نیشـتمانەکەیدا بـووە. زۆر جـار بـە هـۆی بەرگریکـردن و هەڵوێسـتەکانی لـە بەرامبـەر نیشـتمانەکەیدا دووچـاری ئاوارەیـی و ڕووکردنـە شـاخ بووەتـەوە. بـە چەندیـن شـێوە وەسـفی نیشـتمانەکەی کـردووە، تاوەکـوو خۆشەویسـتیی خـاک و نیشـتمان لـە دڵ و دەروونـی تاکەکانـی کۆمەڵگەکەیـدا دروسـت بـکات. شـاعیر بـە چەنـد شـێوەیەک باسـی لـە نیشـتمان و نەتەوەکـەی

کـردووە و لـە نێـو دەقـە شـیعرییەکانیدا چەندیـن وێنـە و بیـر و مەبەسـتی جۆراوجـۆر و جـوان و ڕازاوەی بنیـات نـاوە، کـە وەکـوو هاندانێـک بـووە بـۆ تـاک بـە تاکـی کۆمەڵگـە. لـە دیاریتریــن مەبەســتە شــیعرییە نیشــتمانییەکانی؛ پیشــاندانی دوژمنانـی نیشـتمان بـە ناشرینتریـن شـێوە، بـە شـێوەیەک زۆر جـار بـە ئـاژەڵ و سـەگ و گـورگ وێنـای کـردوون، هەروەکـوو لـە شـیعری "نیشـتمانم دارسـتانی دەم ڕووبـار بـوو"دا دەڵێـت:

هەر کەسێکی وێرانەدڵ بەرچاو کەوێ

وەکوو من نیشتمانی بە دەم سەگ و گورگەوەیە

هەر کەسێکی سەر  نوغرۆتان بەرچاو کەوێ

ئەو وەکوو من

هەزاران جار نوکەشەقی نامەردانی بەر کەوتووە

(گوڵ: ٣٤٩)

شـاعیر لـە ڕێگـەی چواندنــەوە وێنەیەکـی جوانـی خـۆی و نیشـتمانی بنیـات نـاوە، لـە لایەکـەوە کەسـی وێرانـەدڵ بـە خـۆی چوانـدووە و لـە لایەکـی دیکـەوە کەسـی سـەرنغرۆی بـە خـۆی چوانـدووە لـە وێنـەی یەکەمـدا ڕووی لێکچوونەکـەی وێرانبوونــی نیشــتمانە بــەدەس داگیرکــەر و زاڵمانــەوە، لێرەشــەوە لــە ڕێگــەی وێنــەی درکەییــەوە وێنەکــەی جوانــتر کـردووە بـە هـۆی وشـەی سـەگ گورگـەوە، وێنـەی درکـەی دروسـت کـردووە کـە سـەگ و گـورگ درکەیـە بـۆ سـیفاتی مرۆڤــی جــەلاد و دڵبــەرد و زاڵــم و ســتەمکار، لــە وێنــەی دووەمــدا دیســانەوە وێنەیەکــی جوانــی بنیــات نــاوە کــە وێنـەی درکەییـە، کەسـی نامـەد درکەیـە بـۆ کەسـانی زاڵـم و دڵـڕەق، لـە کـۆی وێنەکانـدا ئـەوە بـەدی دەکەیـن کـە شـاعیر ویســتوویەتی ئــەو خۆشەویســتییەی کــە بــۆ نیشــتمانەکەی هەیبــووە بــۆ بەرامبــەر و خوێنــەر وێنــا بــکات، لــە هەمــان کاتیشـدا نیشـانەی خۆڕاگـری لـە هەسـتی شاعیریشـدا بـەدی دەکەیـن، بـەوەی کـە بەرگـەی ئـەو هەمـوو ئـازارەی گرتـووە بــە هــۆی نیشــتمانەکەیەوە بەســەری هاتــووە، هــەر ئــەم هەڵوێستەشـی وای کـردووە خۆشەویسـتیی نیشـتمان لـە دڵـی تاکەکانـی کۆمەڵگاکەیـدا دروسـت بـکات، تاوەکـوو ئەوانیـش ڕوو بکەنــە خەباتــی شــار و شــاخ بــۆ پاراســتنی خــاک و نیشــتمان، یاخــود لــە شــیعری "نیشــتمانم دارســتانی دەم ڕووبارێــک بــوو"دا دەڵێــت:

نیشتمانم دارستانی دەم ڕووبار بوو

بەڵام ئێستا دووکەڵێکە بووە بە هەور

چی بکەم شادی،

تاوێکە و تەمێکی تەڵخ لێی ون کردووم

(گوڵ: ٣٤٩)

شـاعیر لـە ڕێگـە چواندنـەوە وێنەیەکـی جوانـی نیشـتمانەکەی کێشــاوە و بــە دارســتانی دەم ڕووبــاری چوانــدووە لــە ڕووی جوانـی و دڵگیرییـەوە، ئەمـە لـە ڕابـردوودا، بـەڵام لـە ئێسـتای نووســینی دەقەکــەدا نیشــتیمانەکەی بــووە بــە دووکــەڵ و هــەور، لێــرەوە چوواندنــی پێچــراوی بنیــات نــاوە، ئێســتای نیشــتمانەکەی هــۆکاری ناخۆشــی و نەبوونــی شــادی و خۆشـییە، ئەگـەر جارجـارەش دڵخـۆش بێـت؛ ئـەوا کەمخایەنـە و وەکــوو تەمێــک بــە زوویــی دەڕوات.

**٢-٢. تەکنیکی وەسف**

یەکێــک لــە بنەمــا دیــار و ســەرەکییەکانی بنیاتــی دەقــی شــیعری وەســفە کــە شــاعیران پەنــای بــۆ دەبــەن، چونکــە وەسـف "لـە ڕووی کارایـی و فراوانییـەوە لـە پێشـی هەمـوو مەبەسـتە شـیعرییەکانی تـرە، وەسـفی شـاعیرانە، دەرەنجامـی هەستوسـۆزی شـاعیرە لـە وێنـەی شـیعریدا خـۆی دەردەخـات" (صرفــی، اســفندیاری، ١٣٨٩: ١٦٢).

**٢-٢-١. وەسفی شار**

مـارف عومـەر یەکێکـە لـەو شـاعیرانەی کـە بـە هـۆی ژیانـی تایبەتیــی سیاســییەوە چەندیــن شــار و ناوچــەی کوردســتان گـەڕاوە. دیمەنـی جـوان و ناشـیرین بـەر دیـدەی کەوتـووە و توانیویەتـی دیمەنەکانـی بگوێزێتـەوە نێـو دەقـە شـیعرییەکانی خـۆی و چەندیـن وێنـە و وەسـفی جوانـی بـۆ ڕازاندووەتـەوە. هەروەکـوو لـە شـیعری شـاری سـلێمانیدا دەڵێـت:

سلێمانی، شەو تا بەیان

لەگەڵ دەستەی پێشمەرگەدا

ئەکەوێتە چەپڵەڕێزان

سلەیمانی، شەو نانوێ

پشت بە شاخی ئەزمەڕەوە ڕائەگرێ

لەگەڵ ڕۆژی سەرفرازی

ئەم میللەتە لەت لەتەدا ئارام ئەگرێ

(گوڵ: ١٧٢)

لــەم دەقــەدا شــاعیر کەوتووەتــە وەســفی شــاری ســلێمانی، بــە شــێوەک وەســفی دەکات کــە ڕاســتەوخۆ ســەرنجی مــرۆڤ بــۆ قارەمانــی و ئازایەتیــی ئــەو شــارە و خەڵکەکــەی ڕادەکێشــێت. لــە مێــژووی چەندیــن ساڵەی کــورددا، سلێمانی بــەوە بەناوبانگــە کــە هەمیشــە لانکــەی خەبــات و شــۆڕش و ڕاپەڕیــن بــووە، هــەر ئــەم ئازایەتییــە بــوو وای لــە شــاعیران کردبــوو چەندیــن دەقــی جوانــی شــیعریی بــۆ بهۆننــەوە، لێرەشــدا شــاعیر هاتــووە وەســفی ئــەو شــارەی کــە بــە بــەردەوام پێشــمەرگەی لەخــۆ گرتــووە و وەکــوو ئەزمــەڕ خۆڕاگــر بــووە. شـاعیر لــە وەســفی کەرکووکــدا، لــە شــیعری "کرێــوە"دا دەڵێــت:

سەرما بە دەردێکی بردووم،

مەگەر ئەو ساردەپاییزەی کەرکووک ئاوا پەرێشانی کردبێتم

ئەو ڕۆژەی وا لە لێواری چەمی خاسە چاوەڕێ بووم

وتم گەر بێ، ئیتر عەشقی ئەوم بەسە،

ئەو هەر نەهات!

(گوڵ: ٣٠٨)

لــەم شــیعرەدا شــاعیر هاتــووە ســوودی لــە نیــوەی پەندێکــی کــوردی وەرگرتــووە، لــە هەمــان کاتــدا وێنــەی ئــەو بــارە ناهەمــوارەی دەروونــی خــۆی لــە شــاخدا بــەراورد کــردووە بــە ســەرمای پاییــزی شــاری کەرکــووک، پاشــانیش ئەویــن و خۆشەویســتیی خــۆی لــە ڕێگــەی ئــەم بــارەوە دەربڕیــوە. شــاعیر هاتــووە هــەم وەســفی حاڵــی خــۆی کــردووە، هــەم وەســفی ســەرمای پاییــزی کەرکــووک و عیشقەکەشــی.

**٢-٢-٢. وەسفی پێشمەرگە**

شاعیر بــە هــۆی ئــەوەی بارودۆخــی نالەبــاری ئــەو ســەردەمەی پێشــمەرگەی دەزانــی، بۆیــە زۆر بــە وردی و شــارەزاییەوە وەســفی دەکــردن و بــە هێــز و خۆڕاگرییانــدا دەهاتــە وەســفکردن و چەندیــن دیمەنــی خۆڕاگریــی پێشــمەرگەی لــە نێــو دەقــە شــیعرییەکانیدا بــەکار دەهێنــا، بــەم کارە لــە لایــەک وەســف و پەســنی پێشــمەرگەی دەکــرد، لــە لایەکــی دیکەشــەوە هاندانێــک بــوو بــۆ ئــەوەی خەڵکــی دیکــە چــاو لــە پێشــمەرگە بــکات چ لــە خەباتــی شــاخ بێــت، یاخــود خەباتــی نــاو شــار. لــە وەســفی پێشــمەرگەدا لــە شــیعری "ڕەشــبەڵەک"دا بــەم شــێوەیە دەدوێــت:

دەستەیەک پێشمەرگە، ئامادە و لەسەرپێ

هەر نان و فیشەک بوو تۆیشووی ڕێ

پێڵاوی لاستیکی، قەیتاندار، بێ قەیتان

پەنجەی پێی لە ناوا تەزیبوو

قەمسەڵەی موشەمما، خشەخش

تاقم و ڕەختی داپۆشیبوو!

(گوڵ: ٣١٩)

شــاعیر خــۆی پێشــمەرگە و خەباتگێــڕ بــووە، لــە نــاو تــەواوی ڕووداو و بەســەرهاتەکانی کوردســتاندا ئامادەیــی هەبــووە و بەخــۆی بەشــدار بــووە، بۆیــە وەکــوو پێشــمەرگەیەک خــۆی نوانــدووە و بەردەوامیــش وەسـفی کەسایەتی و خەباتــی شــاخ و پێشــمەرگەی کــردووە. هەروەکــوو لــە شــیعری "شۆڕەســوار"دا دەردەکەوێــت و دەڵێــت:

لە بەر پێی ڕقی ئەسپی پێشمەرگە

لوتکەی تەمگرتوو سەری دانەوان

شەختەی ڕێگەوبان بوو بە کانی و ئاو

ئوردووی داگیرکەر کەوتە ئاوزنگدان

چرای نیوەشەو هەڵۆ بوو

کوێرەڕێی دووری لە لوتکە تا خوار

لە ڕەوەز و هەرد، بن دەوەن، بن بەرد

خستە بەر سمی ئەسپی شۆڕەسوار.

(گوڵ: ٢٠٢)

شــاعیر کاتێــک وەســفی شــاخ دەکات، هەمیشــە جوانتریــن و نایابتریــن وێنــەی شــیعری بنیــات دەنێــت. زۆر جــار وێنــەکان لــە ڕێگــەی ئاماژەکانــەوە تێکــەڵاو دەبــن، چونکــە کاتێــک بــاس لــە لوتکــە دەکات؛ خوێنــەر بیــری بــۆ پێشــمەرگە دەچێــت، بــەڵام بــە هــۆی ئاماژەکانــی دیکــەوە ئــەم تەمومژییــە تــا ڕادەیــەک دەڕەوێتــەوە. لێــرەدا شــاعیر وەســفی لوتکــەی تەمگرتــوو دەکات کــە چــۆن لــە بەرامبــەر دوژمنانــدا هەســتاوە و شــەختە و بەفــر تواونەتــەوە و بــوون بــە کانــی و ئــاو لــەو کاتــەدا خێوەتــگای داگیرکــەران لــە بەرامبــەردا بــوون بــە ئاوزنــگ، کاتێکیــش کوێرەڕێــی لــە ســەر لوتکــەوە تــا خــوار لــە ڕەوەز و هــەرد و دەوەن و بــن بــەردی دەخاتــە خزمەتــی ئەســپی شۆڕەســوارەوە، شــاعیر بــە شــێوەیەک وەســفی ئــەو دیمەنانەمــان بــۆ دەکات خوێنــەر هەســت بــە ئــەوە دەکات

کە خۆی لە ناو دیمەنەکاندایە و بەرخوردی ڕووداوەکانی کردووە.

**٢-٢-٣. وەسفی زیندان**

زیندان هەمیشە شوێنی شاعیران و نووسەران و پێشمەرگە و بەرگریکارانی نەتەوەکەمان بووە، هەر بە هۆی زیندانەوە چەندین ڕۆڵەی بێتاوان و شاعیر و هونەرمەند و نووسەرمان شەهید کراون، مارف عومەر گوڵ بەخۆی یەکێک بووە لەو شاعیرانەی کە زۆر جار لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە چەندین جار دووچاری گرتن و زیندانیکردن بووە. کاتێک لە نێو زیندانەدا بووە، بەرخوردی ئەو ئازار و ناخۆشییانەی کردووە کە لە نێو زیندانەدا دووچاری گرتووەکان بووە، هەر خۆیشی چەندین جۆر ئەشکەنجە و ئازار دراوە، بۆیە کاتێك وەسفی زیندان دەکات، بە شێوەیەکی زۆر واقیعیانە وێنەکان و جۆری ئەشکەنجەکان بە هۆی دەقە شیعرییەکانیەوە بۆ خوێنەر و وەرگر دەگوێزێتەوە، هەروەکوو لە وەسفی زینداندا لە شیعری "خۆری زیندان"دا دەڵێت:

دوێنێشەو بوو ژووری زیندان
بەکەلەپچە و بە کێبڵ و بە ئازاردان
زەویی شێدار،
شێی گەیشتبۆ سەر ئێسقانم
ژێرزەمینی تاریکستان
دڕندە بوو، کەوتە وێزە و ئازاردانم.

(گوڵ: ١٧٠)

زیندان هەمیشە جێگەی ئەشکەنجە و ئازار بووە بۆ کەسانی خراپ و یاساشکێن، بەڵام زیندانییەکانی ڕژێمی بەعس هەمیشە شوێنی تێکۆشەر و خەباتگێڕ و بێتاوان بووە. شاعیر لێرەدا وەسفێکی جوانی ئەو ئازار و ئەشکەنجانەی کە لە نێو زینداندا بەسەری هاتووە دەکات و دیمەنە سامناکەکانی لە نێو دەقێکی جواندا دەگێڕێتەوە، کە کاتێک شەو داهات ئیدی زیندان دەبێتە دۆزەخێک بۆ تێکۆشەران و بە زنجیر و کێبڵ دەکەونە داپڵۆسین، سەرەڕای ئەوەی کە شوێنێکی شێدار و تاریک و ترسناکە و مرۆڤ تا سەر ئێسقان دووچاری نەخۆشی و دەرد و پەتا دەبێت. شاعیر هاتووە ئەم وێنەیە بۆ خوێنەران و تاکەکانی کۆمەڵگەکەی بگوێزێتەوە، تاوەکوو ئەوانیش بکەونە خەبات و دژی ئەو زوڵم و ستەمەی ڕژێم بوەستنەوە و ڕزگاریان بێت لەو نەهامەتییانە. یاخود لە شیعری "گەلەگورگ"دا دەڵێت:

چ ڕازێ، چ ئاخێ هەڵڕێژم
بتوانم دیمەنی یەک ڕۆژی ناو زیندان بکێشم
گەلەگورگ کە شاڵاو بۆ گیانی بەرخەلی دێ دەبەن
جەلادی لای ئێمە لە ئەوان گورگترن
هەر کەسێ گەر ڕۆژێ، گەر ساتێ، نەیبینێ
نازانێ دڕندەی لای ئێمە چ دەکەن!
چۆن شاڵاو بۆ گیانی لاوانی گەل دەبەن
چۆن زاری کۆرپەلەی بەر مەمکان دەردەکەن
چۆن ئێمە بەرەوخوار بە زنجیر بەند دەکەن.

(گوڵ: ١٦٦)

ئەو تاوان و ئازارەی کە زیندانییان لە زینداندا دەیبینن؛ هێندە سەخت و دژوار بووە شاعیر ناتوانێت هەستی خۆی لە بەرامبەردا دەرببڕێت، هەروەکوو دەڵێت ناتوانم ئەم دیمەنەی ناو زیندان وێنا بکەم. لە ڕێگەی چواندن و درکەوە وێنەی جەلادەکانی نێو زیندان بنیات دەنێت و بە گەلەگورگیان دەچوێنێت و زیندانییانیش وەک بەرخەلی دێ، نەک هەر گەلەگورگ، بەڵکوو لە گەلەگورگیش خراپتر و جەلادتر دایناون، چونکە بە دڕندەترین شێوە پەلاماری لاوانی کورد دەدەن، لە نێو زینداندا بە زنجیر سەربەرەوخوار هەڵیاندەواسن. لێرەدا شاعیر وێنەیەکی واقعی نێو زیندانی کێشاوە.

**٢-٣. شیعری دڵداری**

ئافرەت لە نێو کۆمەڵگەدا پێگەیەکی دیاری هەیە و لە نێو دەقی شیعریشدا پانتاییەکی بەرفراوانی داگیر کردووە، چونکە "ئافرەت بەهایەکی بەرز و بڵندی هەیە و سۆز و خۆشەویستیی ڕاستەقینەی ئافرەت بووبووە شتێکی بەنرخ و پیرۆز، ئەمەش بە هۆی لاوازییەوە نەبوو، بەڵکوو لە ڕووی ئەوەوە بووە کە ئافرەت سەرچاوەی سۆز و ئەندێشەی خۆشەویستییە" (علی، ٢٠١٣: ١٢٥). شاعیران وەکوو تاکێکی کۆمەڵگا حەز و ویستیان بۆ ڕەگەزی بەرامبەر هەبووە و عاشقی ڕەگەزی بەرامبەر بوون، بەو

هۆیەوە ویستوویانە هەستی خۆیان بۆ بەرامبەرەکەیان دەرببڕن. زۆر جار ئەوینەکەیان بە سەرچاوەی ڕەوینەوەی ناخۆشییەکانی خۆیان زانیوە، مارف عومەر وەکوو هەر شاعیرێکی دیکە عیشقی خۆی هەبووە و چەندین وێنەی جوان و ڕازاوەی لە وەسفی عەشقەکەیدا بنیات ناوە. لە شیعری "خۆت گێل مەکە"دا دەڵێت:

پەنا بۆ کوێ... بۆ کوێ بەرم؟

لە تۆ زیاتر کام بەرکۆژە

حەز و تاسەم دەلاوێنێ؟

نیگات نەبێ... کام نیگایە

خەمەکانم دەگرێنێ؟

بۆ نازانی ڕۆژی چەند جار

عیشقم تۆ لەباوەش دەگرێ و

سۆزم بە سەر پرچەکەتا دەبارێنێ؟

(گوڵ: ٣٠)

شاعیر وەسفێکی جوان و وێنایەکی نایابی یارەکەی دەکێشێت و بە سەرچاوەی خۆشی و ڕەواندنەوەی ناخۆشییەکانی خۆی دەزانێت. زۆر جار هەر بە خەیاڵ عیشقەکەی یارەکەی دەگرێتە باوەش و هەستوسۆزی وەک باران بە سەر پرچیدا دەبارێت، ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە کە نیگای یارەکەی خەمڕەوێنە و لانکەی مان و نەمای شاعیرە. یاخود لە شیعری "ڕێژنەگوڵ"دا لە وەسفی حاڵی خۆی و عیشقەکەیدا دەڵێت:

لە بەر سێبەری کەپرێکا خەیاڵ پەلکێشم دەکات

پەی بە قووڵایی ڕوحی تۆ دەبەم،

پێش خۆرئاوابوون

مۆمێک بە تیشکی عیشقت پێدەکەم،

تا دەمەوبەیان

ترس و تاریکی دەڕەوێنمەوە،

ڕێژنەگوڵ بە سەر مندا دەبارێ

ڕێژنەگوڵ بە سەر دڵدا دەبارێ!

(گوڵ: ٤٩٦)

زۆر جار شاعیران هەر بە خەیاڵ جیهانێک دروست دەکەن کە تایبەتە بە خۆیان و لەو جیهانەوە بۆ دونیای ئەوینی خۆیان دەڕوانن، لێرەدا شاعیر بە خەیاڵ پەی بە قووڵایی ڕۆحی یارەکەی دەبات و بەر لەوەی خۆر ئاوا بێت مۆمێک بەو خەیاڵی عیشقەی دادەگیرسێنێت و تا دەمەوبەیان ترس و تاریکی دەڕەوێنێتەوە. دیارە شاعیر لە نێو شۆڕشدایە و دەکرێت لە شاخ بیرۆکەی ئەم شیعرەی بۆ هاتبێت، چونکە شاعیرانی خەباتگێڕ زۆر جار خۆشەویستی و خەبات پێکەوە تێکەڵ دەکەن. یاخود لە شیعری "غەدرت کرد"دا دەڵێت:

توو خوا لە بەرەبەیاندا وەرە،

یا دەڕوانمە زەردەپەڕ

یا لە شیرین خەوم ڕاکە،

دڵم جێگەی هەموو شتی تێدا دەبێتەوە، کینە نەبێت!

زمانم لە بەردەم غەدرا گۆ ناکات

دەست لەو خەمساردییەت هەڵگرە!

(گوڵ: ٤٧١)

لەم دەقەدا شاعیر داوا لە یارەکەی دەکات لە بەرەبەیانێکدا بێت و بەخەبەری بهێنێت، داوای لێ دەکات واز لەم خەمساردییەی بهێنێت و بگەڕێتەوە لای، بە یارەکەی ڕادەگەیەنێت کە دڵی پاکە و هیچ ڕقوکینەی تێدا نییە. یاخود لە شیعری "برین"دا دەڵێت:

وێڵی گوڵ بووم بۆ پێشوازیت،

بە چاو ئەستێرەم کۆ کردەوە بیدەی لە پرچ.

چاو لە ڕێگە بووم، نەهاتی،

ناترسی ڕێگەم لێ تێک چێ؟

دوژمن نەیتوانی بمکوژێ:

تۆ بریندارم مەکە!

(گوڵ: ٤١٠)

شاعیر لە زۆر باردا خۆشەویستیی ئافرەت و نیشتمانەکەی تێکەڵ دەکات. لێرەدا شاعیر وێڵی کۆکردنەوەی گوڵە بۆ یارەکەی و چاو لە ڕێگەیە، داوا لە یارەکەی دەکات کە دوژمنانی گەلەکەی نەیتوانیوە بیکوژن کەچی یارەکەی وەختە بیکوژێت.

**٢-٤. چەمکی نامۆیی**

نامۆبوون چەمکێکی ئاڵۆز و بەرفراوانی هەیە، بۆیە قسەکردن لە سەر وەها بابەتێک ئاسان نییە و پێویستە لە چەند لایەن و هۆکارێک بدوێین تاوەکوو پێناسەیەکی

بابەتـی بـۆ وەهـا بابەتێـک ببینینـەوە. ئـەوەی کـە ڕوونـە؛ نامۆبـوون بـووە بـە دیاردەیەکـی بـاو و دووچـاری تاکەکانـی کۆمەڵگــە بووەتــەوە، زیاتــر "دیاردەیەکــی دەروونییــە و لــە ئەنجامــی کارلێکردنــی کۆمەڵێــک هــۆکاری کۆمەڵایەتییــەوە دروســت دەبێــت" (قــادر، ٢٠١١: ١٧). هــەژاری و کێشــەی سیاســی و نەتەوەیــی و ســۆزداری و کارەســاتی نەخــوازراو؛ دیارترینــی ئــەو هۆکارانــەن کــە تاکــی کۆمەڵــگا دووچــاری نامۆبــوون دەکات. "نامۆیــی لای شــاعیران لــە هەمــوو قۆناغەکانـدا گرنگیـی خـۆی هەبـووە، واتـە هـەر ئـەوە نییـە کـە بـە تەنیـا لـە ڕێبـازی کلاسـیک، یـان ڕۆمانتیـک گرنگیـی پـێ درابێــت، هــەر شــاعیرێک بــە پێــی پێویســتیی خــۆی هانـای بـۆ بـردووە و مەبەسـتێکی تایبەتـی خـۆی هەبـووە لـە پشـت بەکارهێنانـی ئـەو دیـاردەوە" (نـوری، ٢٠١٢١: ٨٥). لێــرەدا بــە پێــی ســنووری توێژینەوەکەمــان هــەوڵ دەدەیــن چەنـد جۆرێکـی نامۆبـوون لـە شـیعرەکانی مـارف عومـەر گوڵـدا دەستنیشــان بکەیــن. لــە گرنگترینیــان ئەمانــەن:

**٢-٤-١. نامۆیی نیشتمانی**

شــاعیر بــە هــۆی دووری و ئاوارەییــەوە دووچــاری نامۆیــی بــووە، بــەڵام هیوابــڕاو نابێــت و هــەر بــە ئومێــدەوە بــۆ گەڕانـەوە بـۆ نیشـتمانەکەی هیـوای مانـەوەی لـە ژیـان پـێ دەبەخشـێت، هەروەکـوو لـە شـیعری "ئـاوات"دا دەردەکەوێـت و دەڵێــت:

چارەنــووس دۆســتی نامۆیــی
هــەوری دووری دامدەپۆشــێ
بــەڵام ئەســتێرەی ئەوینێــک
لــە دوورەوە بــۆم دەدرەوشــێ

(گوڵ: ٤٤١)

غەریبــی و دووری هــۆکاری ڕەشــبینی و نامۆیــی تاکــی کۆمەڵگەیــە، شــاعیر ئــەو دەردە کوشــندەیەی دووریــی چەشـتووە، لـە غەریبیـدا بـووە بـە هاوڕێـی نامۆیـی و هـەوری دووری داپۆشــیوە، بــەڵام بــە ئــاوات و هیــوای بینینــی نیشـتمان و ئاینـدەی نیشـتمانەوە هیـوای لەدەسـت نـەداوە و ئـەو هیوایـەش وەک ئەسـتێرەیەک لـە دوورەوە دەدرەوشـێتەوە و ســوکناییەک بــە دڵــە خەمبــار و نامۆکــەی دەدات.

**٢-٤-٢. نامۆیی خود**

نامۆیـی خـودی جۆرێکـە لـە جۆرەکانـی نامۆیـی، لـەم جـۆرەدا کەسـی تووشـبوو بـە نامۆیـی "جڵـەوی خـۆی لەدەسـت دەدات و هــەر ڕۆژ بــە جۆرێــک خــۆی دەنوێنێــت و هەڵسـوکەوتی لـە کاتێکـەوە بـۆ کاتێکـی تـر و لـە ڕۆژێکـەوە بـۆ ڕۆژێکـی تـر گۆڕانــی بەســەردا دێــت" (قــادر، ٢٠١١: ٣٢). لــەم حاڵەتــەدا کەســی نامــۆ ناتوانێــت لــە هیــچ جێگەیــەک دڵــی ئــارام بگرێــت و بــەردەوام لــە نەسرەوتــن و بــاری دەروونیــی ناهەمـواردا ژیـان دەگوزەرێنێـت، مـارف عومـەر گـوڵ وەکـوو هــەر تاکێکــی کۆمەڵگــە دووچــاری ئــەم بــارە بــووە و هەوڵـی داوە لــە نێــو دەقــە شــیعرییەکانیدا ڕەنگــی پــێ بداتــەوە، هەروەکــوو لــە شــیعری "ماڵــی ڕوح"دا دەڵێــت:

چوومە هەر ماڵێک
تاریك و ڕوونێ یەخەیان گرتم،
چوومە هەر شارێک
سەرما و گەرماکەی شڕ شڕیان کردم،
نەحەسامەوە،
تەنها لە ماڵی ڕوحمدا نەبێت.

(گوڵ: ٥٣٨)

شــاعیر چــواردەوری خــۆی لــێ تێــک چــووە و لــە هیــچ جێگەیــەک ناحەســێتەوە و لــە هیــچ جێگەیــەک ناسرەوێــت، تەنانـەت لـە هیـچ مـاڵ و شـارێکدا، بۆیـە خـۆی دەخواتـەوە و تەنهـا خـۆی دەدوێنێـت و لەگـەڵ ناخـی خۆیـدا دەدوێـت و هــەر لــە ڕۆحــی خۆیــدا ئــارام دەگرێــت و دەحەسێتەوە. لــە شــیعری "گەمــارۆ"دا دەڵێــت:

کانییەکی بێ کچۆڵەم
ئێوە کانیی واتان دیوە؟
گوندێکم بێ ڕانەمەڕ و ڕێژنەی باران
ئێوە گوندی واتان دیوە؟
شارێکم بێ خۆشەویستیی دارستان و بێ چراخان
ئێوە شاری واتان دیوە؟
دەزانن کێم؟
وڵاتێکم لە چوار لاوە
گەلەگورگی دوژمنانم لێ ئاڵاوە.

(گوڵ: ٣٧١)

لەم شیعرەدا نامۆیی خودی بەدی دەکرێت، چونکە شاعیری چواندووە بە کانییەکی بێ کچۆلە و گوندێکی بێ ڕانەمەڕ و شارێکی بێ خۆشەویستی و وڵاتێکی داگیرکراو. سەرجەمی ئەم وێنانە ئاماژەن بۆ نامۆبوونی خود، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە شاعیر لە وڵاتێکدا دەژیەت کە داگیرکەران وەک گەلەگورگ پەلاماریان داوە و داگیریان کردووە. لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە داگیرکاری و وڵاتوێرانی مرۆڤ دووچاری نامۆبوونی خود دەکات.

کوشتمی! ئەم ئاوارەییە کوشتمی
دڵم دەڵێی وڵاتە وێرانەکەی ئێستایە،
ئەی شۆخە نائاشناکان!
دڵم نایە گڕی چاوم خۆشتر بکەم،
دڵم نایە چاو لێک بنێم،
جاربەجاریش تێم مەڕوانن، با لە گڕی خۆمدا بمرم.

(گوڵ: ٣٤٩)

شاعیر بە هۆی نامۆییەوە کە لە ئاوارەییدا دووچاری بووە، ناخی خۆی بۆمان بەیان دەکات و لە غەریبییەوە بە وڵاتێکی وێرانە خۆی چواندووە. کە وا بوو ئەم نامۆبوونەی بە هۆی غەریبییەوە بەسەری هاتووە و داوا لە خەڵکیش دەکات لێی دوور بکەونەوە و تێی مەڕوانن نەبادا گڕی دەروونی؛ ئەوانیش بسووتێنێت.

تەنیا جارێک لێم داباریێ
ئیتر شەختەی غەریبی و خەم بۆخۆی دەڕوا
ئەی پەڵە هەوری خۆشبەختی
تەنیا جارێک بمدۆزەوە، نەوەی ئەم زەمینە ڕەقەم
هەر ڕێژنەیەکم بەر کەوێ،
وشکەڵانی خەفەتباریم سیمای گەش و پاراوی دەبێ
ئیتر بشمرم قەیناکا!

(گوڵ: ٣٥٠)

شاعیر لە غەریبی و ئاوارەییەوە خۆی بە تاک و تەنیا دەزانێت و سیمای تێکچوو و خەمباراوی داپۆشیوە، بۆیە داوا لە خودا دەخوازێت تەنها جارێک خۆشبەختی وەکوو هەورێک داباریێتە سەری، ئیدی خەم و پەژارە نامێنێت و غەریبیەکەی لەبیر دەکات و لەو کاتەدا بیشمرێت لای ئاساییە، ئەم حاڵەتە لە ناخی مرۆڤدا پێی دەگوترێت نامۆیی. لە بارێکی دیکەشدا کە شاعیر کەوتە غوربەتەوە بۆخۆی ئەمە جۆرێکە لە نامۆبوون، کە کەسی تووشبوو تەماشای خۆی دەکات لە بارێکی لەم چەشنەدایە ئیدی وا هەست دەکات تەنها ئەو وایە و نامۆبوونەکە دەبێتە نامۆبوونی خودی.

لە لای ئێوە مناڵ ناگری،
بە گەورەییش من دەگریەم
توو خوا فێری پێکەنینی خۆتم بکە، با گریانم بیر چێتەوە
هەر زمانم بکرێتەوە، ئەوەندە بەسەرتا دەگریم
هەتا فێری گریان دەبی!
زوو فێرم کە، تا پێت دەکرێت
غەریبێکم، هەر ئەوەندەم لە باردایە
باوەشێ گوڵ بێنمە بەر پێت.

(گوڵ: ٣٥٤)

دیسانەوە شاعیر لە غوربەتەوە دەستی بە گریان کردووە و دووچاری نامۆبوون بووە، ئەو نەک لە سەردەمی منداڵیدا، بەڵکوو لە سەردەمی گەورەییشدا دڵی ئۆقرە ناگرێت و دەگری، بە زمانی حاڵ دەڵێت من کەسێکی نامۆم و هەر بە گریان فێرم و دوورم لە خۆشی و پێکەنین، داوا لە کەسی بەرامبەر دەکات تا فێری پێکەنینی بکات تاوەکوو زمانی دەکرێتەوە، لە بەرامبەر ئەمەدا ئەوی شاعیر فێری گریانی دەکات، یاخود هەوڵ دەدات چەپکێک گوڵ بهێنێتە بەر پێی.

**ئەنجام**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. مارف عومەر گوڵ یەکێکە لە شاعیرە نوێخوازەکان و بە پێی گۆڕانکاری و پێویستییەکانی سەردەمی خۆی ناوەرۆک و شێوازی شیعری گونجاندووە. بەشێکی زۆری ژیانی لە ئاوارەیی و زینداندا بەسەر بردووە. گرنگییەکی زۆری بە وێنە باوەکانی سەردەمی خۆی داوە و بەشێکی زۆری وێنەکانی بەکار بردووە. لە ڕووی زمانەوە یەکێکە لەو شاعیرانەی کە کەمترین وشەی بێگانەی بەکار هێناوە و زۆرترین وشەی کوردیی پەتی و زارەکانی زمانی کوردیی بەکار هێناوە.

٢. شیعرە نیشتمانییەکانی: بە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆری

ژیانــی لــە نێــو شــاخ و شۆڕشــدا بەســەر بــردووە، بۆیــە ئــەم بابەتــە زۆر زیاتــر لــە مەبەســتە شــیعرییەکانی تــر لــە شــیعرەکانیدا بــەدی دەکرێــت.

٣. دڵــداری: شــاعیر وەکــوو هــەر تاکێکــی دیکــەی کۆمەڵگــە خۆشەویســتیی کــردووە و لــە نێوەرۆکــی شــیعرەکانیدا ڕەنگــی داوەتــەوە.

٤. وەســف: شــاعیر لــە زۆر ناوچــەی کوردســتاندا ژیانــی بەســەر بــردووە و لــە زۆر بــواری ژیانــدا ئەزموونــی کــردووە، بۆیــە بابەتــی وەســف لــە شــیعرەکانیدا بەربــڵاوە و وەســفی شــار و شــاخ و پێشــمەرگە و کەســایەتییەکانی کوردســتانی کــردووە.

٥. نامۆیــی: بابەتێکــی ئاڵــۆزە و بــە چەنــد شــێوەیەک باســی لێــوە کــراوە، هەندێــک بــە نەخۆشــیی دەروونــی وەســفی دەکــەن، بــەڵام ئــەوەی لــە شــیعرەکانی شــاعیردا بەدیــی دەکەیــن، ئەوەیــە کــە شــاعیر دووچــاری غەریبــی و بەرخــوردی کەســانی دڵڕەقــی کــردووە، بۆیــە نامۆیــی بــە شــیعرەکانیەوە دیــارە، لــە لایەکــی تــرەوە بــارە دەروونییەکــەش نامۆیــی خودیــی دروســت کــردووە و لــە ناوەرۆکــی شــیعرەکانیدا بــە شــێوەیەکی بەرچــاو بــەدی دەکرێــن.

## سەرچاوەکان

### ١. کوردییەکان

**کتێب:**

**١.** ئەڵوەنــی، نەجــم خالیــد (٢٠١٢)، جۆرەکانــی دەڤاوێــزان لــە ڕۆمانــی "پێنجەمیــن کتێــب"ی جەبار جەمال غەریبدا، چاپخانــەی کەمال، سلێمانی.

٢. مــەلا، ئەحمــەد (٢٠١٣)، مەحــوی لــە نێــوان زاهیریــەت و باتنیــەت و ســەرچاوەکانی عیشــق و وێنــەی مەعشــوقدا، چاپــی دووەم، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر.

٣. محەمــەد، ئەنــوەر قــادر (٢٠١٨)، لیریــکای شــاعیری گــەورەی کــورد مەولــەوی، چاپــی چــوارەم، چاپخانــەی ئەندێشــە، ســلێمانی.

٤. قــادر، ســەرکەوت ســەعدی (٢٠١١)، نامۆیــی لــە ڕۆمانەکانــی ســەڵاح عومــەردا، چاپخانــەی حاجــی هاشــم، هەولێــر.

٥. عەلــی، د. تاهیــر محەمــەد (٢٠١٣)، قانــع ژیــان و بەرهەمــی (لێکۆڵینەوەیەکــی شــیکارییە)، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر.

٦. شــارەزا، کەریــم و جەبــاری، جەبــار (١٩٧٤)، ئەســیری شــاعیرێکی شۆڕشــگێڕی قۆناغــی دوای حاجــی قــادری کۆییــە، چاپخانــەی شــارەوانیی هەولێــر.

**نامە ئەکادیمییەکان:**

- غەریــب، لەنجــە عەبدولڕەحــمان (٢٠٠٨)، لێکۆڵینەوەیەکــی شــیکاری لــە شــیعری بەختیــار زێــوەر، نامــەی ماســتەر، زانکــۆی کۆیــە، کۆلێــژی زمــان.

**گۆڤارە زانکۆییەکان:**

١. عەزیــز، د. ســامان جــەلال (٢٠١٩)، دەڤاوێزانــی خــودی لــە شــیعری گۆرانــدا، گۆڤــاری زانکۆی ســلێمانی، بەشــی "B"، زانســتە مرۆڤایەتییەکان، ژمــارە (٥٩)، کانوونــی دووەم.

٢. نــووری، مــژدە ئیســماعیل (٢٠٢١)، نامۆیــی لــە شــیعری هاوچەرخــی کوردیــدا (جەمــال غەمبــار بــە نموونــە)، گۆڤــاری زانکــۆی گەرمیــان، خولــی هەشــت، ژمــارە (٣).

**ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان:**

- مەحمــود، عەبــدوڵا کەریــم (٢٠٠٠)، دکتــۆر مــارف عومــەر گــوڵ لــە نێــوان گۆرانــی و شــیعر و زینــدان و جینۆســایددا، ڕۆژنامــەی ئــاڵای ئــازادی، ژمــارە (٣٧٧).

**دیوانەکان:**

١. موکریانی، هێمن (٢٠١٧)، چاپی دووەم، انتشارات کوردستان، سنە.

٢. مدریــس، مــەلا عبدالکریــم و مــەلا کریــم، موحەمــەد (١٣٩٢)، دیوانی مەحــوی، چاپــی یەکــەم، نــشر أنا، سنە.

٣. مــدرس، مــەلا عبدالکریــم (١٣٨٦)، دیوانــی مەولــەوی، چاپــی چــوارەم، انتشــارات کوردســتان، ســنە.

٤. گۆران، عەبدوڵا (١٣٨٦)، دیوانی گۆران، چاپی سێیەم، نشر پانیز، تهران.

٥. گــوڵ، مــارف عومــەر (٢٠٢١)، پێنــج دیــوان، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی کارۆ، ســلێمانی.

**ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکان:**

١. پرۆفیســۆر مــارف عومــەر گــوڵ کۆچــی دوایــی کــرد، ســایتی گــوڵان، ڕێکەوتــی ســەردانیکردن: (٢٠٢٣/٣/١٤، کاتژمێــر ٤:٤١ خولەکــی پاشــنیوەڕۆ. https://www.gulanmedia.com/so/story

٢. پرۆفیســۆر مــارف عومــەر گــوڵ کۆچــی دوایــی کــرد، ســایتی "KRT"، ڕێکەوتــی ســەردانیکردن، ٢٠٢٣/٣/١٤، کاتژمێر ٥:١ خولەکی پاشــنیوەڕۆ. https://kirkuktv.net/KU/Details/

### ٢. فارسییەکان

**گۆڤارە ئەکادیمەییە فارسییەکان:**

- صرفــی، محمــد رضــا و اســفندیاری، مهســا (١٣٨٩)، انــواع ادبــی و مضامیــن شــعری در منظومەهــای عطــار، پژوهشــنامە زبــان و ادبیــات فارســی، ســال دوم، شــمارە هفتــم، پاییــز.

## ملخص

بحثنا بعنوان مارف عمر كول حياته و محتوى اشعاره جزء من اطروحتي الماجستير، الشاعر مارف كول احد الشعراء والمترجمين و الكتاب المناضلين الكورد ، اراد من خلال شعره ان يعزز روح الوطنيه لدى الشعب الكوردي، ومن جانب اخر اهتم بالجانب الاجتماعي لدى الشعب الكوردي .هذا البحث من اهم الاعمال الاكاديميه لدى الشعر الكوردي واول بحث ، ومن جانب اخر هذا الشاعر يستحق ان يفعل هذا من اجله . في هذا الجانب اردنا ان نسلط الضوء على الجانب غير المعروف عن اعمال الشاعر و نبينه للناس .في هذا الجانب استخدمنا الوصفية و التحليل.

اقسام البحث: يتكون هذا البحث من النبذه و قسمان والنتيجه وقائمه المصادر القسم الاول: حياة الشاعر القسم الثاني: تحليل محتوى اشعار الشاعر

**الكلمات المفتاحية:** (مارف عمر كول ، الوصف ،الوطنيه ، العشق ،الغربه).

## Abstract.

Our research ،titled Marf Omer Gul ،his Life and the Content of his Poems, is a part of my Master Dgree program، the poet Marf Omer ،is one of the poets ،writers ،translators, revolutionaries of the Kurdish nation ،with the message of the content of poetry ،tried to develop the concept of nationalism within the Kurdish community. In one hand, he described the social events and occasions as a means of expressing himself. In addition to this ،he wrote many topics of poetry and international poetry. This article is the first academic research conducted on this poet ،so, the work and struggle of this poet are so great that many letters and books are needed to be written about it. In this research ،we aim to focus on the life of poet and his unknown sides and explore them with their poetic content. In this research ،we have developed a method of analysis. The parts of the Research . This research is based on a summary ،and a list of sources..The first part: is the life of the poet. The second part: is the content of his poems

**key words**: ( Marif Omer Gul, The nation, love, description and estrangment).